# تیرۆر وەك خۆیو دەسەلآتیش وەك خۆی

بەشدار عەلی
Bashdar_net@yahoo.com

زنجیرەیەك لە تاوانەكانی یەكیك لە گروپە تیرۆریستەكان لە تەلەفزیونی كوردستانەوەبە ناوی (گروپی شیخ زانا ) بلأوكرایەوە. گومانی تیا نیە هەر یەكیك لە گیراوەكان تاوانبارن و تا ئاستی وەحشییانە كەوتەنەتە گیای خەلك, بەلأم ئەوەی لێرەدا جێگای پرسیارو سەرنجە,چ هۆكارێك وای لەم كەسانە كردوە بەم شیوازە د ڕندانە بكەونە گیانی ئینسانەكان و پشك پشكی بكەن؟ ئەمە چ پەروەردە و چ وەزعیەتیكە وا لە مرۆف دەكات زەرەیەك ویژدانی نەمینیت و ئۆزقالیك بەهای ئینسانی لە دەمارەكانی نەمینیت؟؟گەر سەیریكی وەزعیەتی كوردستان و باردۆخ و گوزەرانی خەڵكەكەی بكەیت هۆكارەكان وەكو رۆژی رووناك دیارە.

لە ماوەی دەسەلأتی ئەحزابی قەومی كوردی لە كیٍردستان, دەسەلاتیان بە سەر سەروەت و سامانی و داهاتی خەلكی كیٍردستان داگرتوە لەماوەیەكی كورتدا بوونە گەورە سەرمایەدارانی جیهان و خەلكی كوردشتانیش بۆ تەنها پاروو نانێك , بۆ كارێكی تاقەت پروكێن, بە ناچاری بەرەو بەر دەرگاكاكانی ئەوان برا,بەشی هەرە زۆری خەڵك لە دژوارترین و ناهەموارترین و ناخۆشترین وەزعیەتدا ژیانیان كردووە, بێكاری خەلكی تا ئاستی زەبونی كەمەر شكێن كرد,ئەوانەی كە كاریكیان دەست كەوتووە داهاتی مانگانەی بەشی هەفنەیەكی نەكردووە,بۆیە ئەمەش ئەم كەسانەی بۆ ناو ئەم گروپە تیرۆرستانە بردووە , دانپیانانەكانی هەر یەكیك لەم تاوانبارانە لە سەرە تادا باس لە نە بوونی و بێكاری و برسیەتی متاڵەكانیان دوكەن.... كە ئەمەش خودی دەسەلأت لیٍی بە رپرسیارە , بۆیە ئەمەش دەسەلأت وەك خۆیەتی.

جگو لومەش هەموو كارەكانی ئەم گرووپە لو سەرەتادا لە مزگەوت و حوجرەكاندا دەستی پێكردووە, تەنانەت خۆیان ئەمیری مزگەوتەكان بوونەو دەرسیان ووتۆتەوە,ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەسەلأت وەك خۆی نیشان دەدات كە لە ماوەی دەسەلاتیان پارەی خەیاڵی لە مزگەوت و شوینە ئاینیەكان و كەسە ئاینیەكان , سەرف كراوە, چەندین گروپی تیرۆریستی تا ئیستاش اە داهاتی خەلك بودجە وەردەگرنو هەموو جۆرە هوكاری وئاسانكارییوكیان بۆ كراوەو بۆ دەكریت, دینیان تێكەڵ بە پەروەردەو فیركردن كردووە ومێشكی متالان و تازە لاوانیان بە خورافیاتی ئاینی شۆردۆتەوە. هەروەها سێكس یە كیك لە م هۆكارانە بوو كە ئەم گرووپەی پیٍ چەسپ كرابوو , ئەمەش بو داخراوی كۆمەلگایكوردستان دەگەریتەوە كە چەندین سالە ئەحزابی ناسیونالیستی كوردی بە یاساو دەستورەكانیان, بە هیزە میلیشیاكانیان و بەگرتن و زیندانی و ئیهانە و سو كایەتی پیكردن و بە چەندین شیوازی تر لە هەولی دۆگمایی و داخراوی ئەم كۆمەلچگایەدا بوونە, تەنانەت سوچیكیان بۆ ژوانی دلدارەكانیش نەهیشتەوە.

یۆیە گومان لەوەدا نیەكە ئەمانە تیرۆریستن و تیرۆر وەك خۆیەتی , بەلأم ئەمەش دەسەلأت وەك خۆیەتی كە هۆكاری سەرەكی دورست بونی ئەم گروپانەن بە هەموو ئەم دەلیلانەی سەرەوە, ئاشكراشە كەلتورو داب و نەریتی زال لە هەر كۆمەلگایەك , كەلتورو داب و نەریتی دەسەلأتە.